دادگای فیدراڵی عێراق بڕیاریدا بە ڕاگرتنی کارەکانی کۆمسیۆن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق فەرمانێکی کاتی لە بەرژەوەندی سکاڵاکێی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرکرد، کە تیایدا جێبەجێکردنی بڕگەیەکی تایبەت بە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕاگرت.

دادگای فیدراڵی عێراق فەرمانێکی تایبەت سەبارەت بە سیستمی تۆمارکردن و پەسەندکردنی لیستی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (7)ی ساڵی 2024 دەرکرد، کە تێیدا هاتوە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە 100 کورسی پێکدێت و بەسەر پارێزگاکاندا دابەشکراوە، بڕیاریداوە بە ڕاگرتنی بڕگەی تایبەت بە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان.
بەپێی بڕیارەکەی پێشوی دادگای باڵای فیدراڵی، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە 100 کورسی پێکدێت کە پارێزگای هەولێر 34 کورسی، پارێزگای سلێمانی 38 کورسی، پارێزگای دهۆک 25 کورسی، پارێزگای هەڵەبجە 3 کورسی دەبێت.